# کورته مێژوویەکی باسك
# لەساڵی: (١٩٧٨)وه بۆ (٢٠٠١) زایینیی

* بۆ حەقیقەت وراستی مێژووی سەرهەڵدانی بزووتنەوه، دەبێ چەند هەنگاوێك بگەڕێینەوه دواوه ،چونکە بەر لەوه کە کەسایەتی وناودارەکانی بزووتنەوه کۆچ بکەن وزەوی ونیشتمانی خۆیان بەجێ بهێڵن بۆ دەرەوەی نیشتمان ، کۆمەڵێك لەزاناو رۆشنبیر ، ساڵی (١٩٧٨) کۆچیان کردبوو ،هەر لە هەندەران جم وجوڵێکیان دروست کردبوو بەناوی (پەیوەندی ئیسلامی )یەوه خاوەنی تەشکیلەو هەیکەلێك بوون ، وه لەچاو ئەو رۆژەدا هێزێکی سەربازیشیان هەبۆوو ،ئەم دیوو ئەودیویان دەکرد و، بڕێ جاریش بەدەر لەچالاکی سیاسی چالاکی سەربازیشیان هەبوو، ئەڵبەته بۆئەو رۆژه ئەوان جێگەی ئیقبال بوون، بەلاّم لە ساڵی (١٩٨٧)دا پاش راپەرینەکەی (هەڵەبجە وسیروان وخورماڵ وسیدصادق ) لە رژێمی دیکتاتۆرو، بەدست کەوتنی دەسەلاّتی ئەوناوچانه بۆ چەند کات ژمێرێك ، بۆ دواتر گەرانەوەی دەسەلاّتی رژێم بۆ ناوچەکە و ، پەلاماردانی کەسایەتی وزانا وناودارەکانی ناوچەکە ، بە پێویست زانرا کۆچ بکرێت وزەوی و نیشتمان بەجێ بهێڵرێت ، هەتا خوادەست بدات، ئەوجا بەرێزان مامۆستا مەلا عوسمانی رەحمەتی و، مامۆستا مەلا عمر عبدالعزیز و، مامۆستا مەلا عەلی برایان و بەرێز ماموستا احمد کاکە محمود و، وبەرێز ماموستا شێخ صدیق سەرگەتی وسەدان لاوو گەنج ولاّتیان بەجێ هێشت و بەرەو سنورەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران رێیان گرته بەر و ئەوانیش خوا پاداشتیان بداتەوه بەپێی دەسەلاّتی ئەو رۆژه دەرگایان لێکردنەوه، پاش حەوانەوەو پشوویەك ، بریاری کۆبوونەوەیەك درا لەئاستی گشت ئیسلامییەکانی ئەو سەردەمەدا وەك رێکخراوانی ئە دەمە وکۆمەڵێ روشنبیری تر کە لەهەموو لایەکەوه هاتبوون ، دەرئەنجام پاش تۆێژینەوەو لێکولینەوەیەکی زۆر بریاری دامەزراندنی (بزووتنەوه) دراو، بەکۆی دەنگ جەنابی مامۆستا مەلا عوسمان خوا لێیخۆش بێت کرایە رابەر بۆی ،پیاو دەبێ هەق بلێت بەرلەم بزووتنەوەیە بەرێز مامۆستا شێخ محمد بەرزنجی وبەرێز مامۆستا شێخ عەبدوللەتیف واژەیی هەریەکەیان رابەرایەتی پەیوەندییان کردبوو، بەلاّم کە ئەو هەموو زاناو رۆشنبیرە کۆچی کرد ئەوان رابەرایەتییان تەسلیمی بەرێز جەنابی شێخ عوسمان کرد و، بووبە رابەری گشتی بزووتنەوە ، بزووتنەوەکەیش ناونرا: بزووتنەوەی ئیسلامیی لەکوردستانی عێراق ، پاشان دەستی کرد بەکاری سیاسیی خۆیی و، چەند مەکتەبێکی پێکەوەنا لەگەڵ ئەنجوومەنی شوورادا ، بۆ نمونە : پاش دامەزراندنی شوورا، مەکتەبی سیاسیی و، مەکتەبی دارایی، و مەکتەبی عەسکەریی، و مەکتەبی راگەیاندن و، مەکتەبی

پەیوەندییەکانی دامەزراند، ئیتر دەستی دایە لەلایەکەوە چالاکی سیاسییانە، بۆ نموونە: لەگەڵ کۆماری ئێراندا ڕێکەوتن کە ئەم بزووتنەوە دەبێ (مستقل) بێت بۆخۆیی و، هیچ کەسێك (تداخل)ی ئیشەکانی نەکات ، چونکە ئەم خۆی چاکتر بەرژەوەندی خۆیی و گەلی عێراق وکوردستان دەزانێ ، هەر بۆیە سوپاس بۆخوا بزووتنەوە توانی ئیستقلالییەت و سەربەخۆیی خۆی بپارێزێت ، تەوجیهو ئاراستە هەر لەخۆیەوە وەربگرێت، سەرەڕای درووستبونی دەیان وسەدان گیرو گرفت لەرێ پاراستنی ئەوسەربەخۆییە ، لەلایەکی تریشەوە پەیوەندی کرا بە حیزبە کوردستانیە چەك دارەکانی ئەو سەردەمە وە ، وەك پارتی دیموکراتی کوردستان ویەکێتیی نیشتمانیی و، حیزبی سوسیالیستی کوردستان، کە بارەگاکانیان ئەودەمە لەسەر سنوری عێراق وئیران بوون ، توانی لەگەڵ هەریەکەیاندا ڕێکەوتن نامەیەك مۆر وئیمزا بکرێت ، لەسەر پێکەوە ژیان وهەماهەنگیی وهاوکاریی و پاراستنی بەرژەوەندی گەلی کوردو، ویەك دەنگ بێت لەسەر رزگارکردنی میلەتەکەمان و، بەدەست هێنانی مافەرەواکەی ، بۆدواییش بزووتنەوە هێزێکی سەربازیی باش و بەدەسەڵات ولێبوردەو لێبراوی پێکەوەنا ، لەو ماوەیەدا واتە: لە ساڵەکانی (١٩٨٧ – ١٩٩١) توانی چەندین روڵی سەربازی ببینێ و ، چەندین جار مەفرەزە بنێرێتە ناوەوە و، چالاکی سەربازی ئەنجام بدەن ، ئیتر بێجگە لە ناردنی چەندین جار بلاوکراوە بۆ ناوەوە لە دژی رژێم ، بەدەر لەوەی کە هێزێکی سەد کەسی لە هێزی سەلاحەدین و هێزی نەصر بۆ ماوەی شەش مانگ ناردە قەرەداغ و لەچالاکیو هەوڵدان بوون بۆ خۆناساندن و لێدانی رژێم، بزووتنەوە زۆر لە گەشەدابوو لە هەموو لایەکەوە، لە دەرەوە وناوەوە بوو بە جێگەو هیواو ئاواتی جەماوەر ، بۆیە هەر ئەوکاتە بێجگە لە کردنەوەی مەکتەب لەتاران وەکو حیزبە کوردستانییەکانی تر لەپاکستان و لە لەندەنیش مەکتەبی کردەوەو روڵی خۆیانیان دیت لە پەیوەندی کردن بە وزارەتەکانی ئەو دەوڵەتانەوە بە بلاوکردنەوەو راگەیاندن و ... هتد ، بەڵام لە هەل ومەرجێکی ئاوادا دەستێکی خیانەت لە بزووتنەوەدا پەیدا بوو ، لەڕەوتی خۆی رایوەستاند و بۆماوەیەکی زۆر بەخۆیەوە سەرقاڵی کردو، کارە سەرەکییەکانی خۆی لەبیرکرد، ئەودەستە توانی شوورای ئەوکاتەی ساڵی (١٩٨٩) پارچە پارچە بکاو بۆماوەی (٩) مانگ لە چەلەحانێ و ململانێدا بوو، لە (١٦) ئەندامی شوورا (١٢) کەسیان شوورایەکی یەکگرتوویان پێك هێناو تەنها (٤) کەسیان مانەوە لە شوورا رەسەنەکە، بەڵام پاش (٩) مانگ لە سەر مەسەلەی (ئەمیرایەتی !!) ئیشەکەیان سەری نەگرت و بەناچاری پێکهاتنەوە! لەراپەرینەکەی ساڵی (١٩٩١)دا کەبوو بەهۆی ترۆبوونی رژێم و ڕزگاربوونی ناوچەکانی کوردستان، بزووتنەوەیش دۆزی لەبەرچاوی خۆیی هەبوو، توانی بەهێزێکی زۆرەوە بەشداری ئەو راپەرینەیە بکات و، پەلامار بەرێتە سەرچەند سەربازگەیەك لەچەند لایەکەوە لەهەولێر و ناوچەکانی دەوروبەری هەولێرو رانیە وکەرکوك وناوچەکانی

کفريى وکەلارو....هتد ، لەو پەلامارانەدا جێگە دەستيان ديارى بوو، چونکە زيانێکى زۆريان بە رژێم گەياند و، خۆيشى دەيان شەهيدى پيشکەش بە ئايين ونيشتمان کرد، ئەويشمان لەبير نەچێت کە بزووتنەوە خاوەنى پتر لە (١٠٠٠) شەهيد وسەدان کەمئەندامە .

* بزووتنەوەى ئيسلاميى بەتايبەتى لەودەمەدا نمونەى دەستپاکى وئەخلاق بەرزى بوو، هەم لەلاى جەماوەرو هەم لەلاى حيزبە سياسيەکانى عێراق وکوردستان .

* بزووتنەوە لەبەر بڕوابوونى بەمافى گەلەکەى، لەهەموو رووداوەکانى کوردستان بەشدار بووە ، هەر لە هەڵبژاردنەکەى ساڵى (١٩٩٢)وە هەتا دامەزراندنى حکومەتى هەرێمى کوردستان ، لە هەردوو هەرێمەکە بەشدار بووە ، بە دوو وەزير وسىٚ وەزير وچەندين بريکارى وەزير و، بەڕێوبەرە گشتييەکان ، شياوى باسيشە بەشايەتى جەماوەر وحيزبەکان بزووتنەوە زۆر بەسەرکەوتوانە توانى ئەرکەکانى خۆى ئەنجامبدات و ئەوپەرى تەباييش لەنێوان حيزبەکاندا رابگرێت و کێشەى ئەو تۆ رونەدات.

* بزووتنەوە هەميشە ويستويەتى شەرعڕەو بێت و، تۆز قاڵەيەك لەشەرع لانەدات و، دەست نەخاتە خوێنى هيچ کەسێکەوە بەناهەق ، ئەو ڕووبەڕوبوانەيش هەندىٚ جار لەگەڵ هەندىٚ حيزبى کوردييدا روويان دا لەوکاتانەدا شتێکى نامۆو غەريب نەبوو، بەتايبەتى لە گۆرەپانى کوردستاندا! ئەوەتە دوحيزبە بە دەسەڵاتەکانيش گەلى جار زۆرخراپ لەيەکيان داوە، بۆ دواييش بوونەوە برا، ئيتر لەبەر هەرهۆيەك بووبێت ، ئەگەر چى رودانى ئەو جۆرە کێشە وهەرايانە جيگەى داخ وکەسرە.

* بزووتنەوە هەر لەگەشەدا بوو بەشێوەيەکى سەرسورهێنەر، چونکە لەناخى جەماوەرەوە سەرچاوەى گرتبوو، ديارە کەبزووتنەوەى ئيسلاميى ئاوا پاك وپوخت، بيەوىٚ ئايينەو ئايديۆلۆژياى خۆى لەسەر ( کتاب ) و(سونەت) دابمەزرێنێتەوە، بيەوىٚ (بەرا) و(وەلا)ى هەر بۆخواى گەورە بێت و، لەخۆيەوە تەسليم بەم وبەونەبێت ، ديارە بزوتنەوەيەکى ئاوا، چەتەو ڕێگرى زۆر دەبىٚ و لەگشت لايەکەوە پيلانى تياچوونى دەدرێت بەتايبەتى کە لەناو ريزەکانيەوە (تەصريحات )ى نامەسئولانە بدرێت ! کەئەو جۆرە گوتانەش، ئەو – خەڵکانەى لىٚ بەخەبەر کردەوە کە حەزيان لێنەدەکرد – لەدەرەوە ولە ناوەوە، بۆيە لەگشت لايەکەوە دەستى گەندەڵى تێکەوت و مين ريژکرا وئامادەى تەقينەوەکرا ، چ لەلايەن هێزەکانى ناوەوەى عێراق وکوردستان ، چ لەلايەن حکومەتە دراوسێکانەوە ، ئەڵبەت وەکوپێشتر ئاماژەمان بۆکرد، زەمينەيش ساز بوو، چونکە هەرساڵى (١٩٨٩) دەرگاى ئەو ململانىٚ ناشەريفانە کرايەوە، بزوتنەوە بوو بەچەند بەشێکەوە ، بەڵام ئەودەمە سەرى نەگرت ،و لەناوريزەکانيدا هەر خەريکى سرتە سرت وپيلان دانان بوون ، دژ بەزاناو

مامۆستاو مێژەرە بەسەرەکان ! هەمووکات لە (بالمرصاد)دا بوون کە جۆرە شتێك رووبدات و بیکەنە هەرا لای دەستەی گەنجان و(مێشیك) بکەنە (گامێشێك)،کە دواییش – پاش تەقینەوەی بزووتنەوە – بینرا کەهەموو ئەوانەی کەبەردەوام کاریان رەخنە گرتن بوو، هەمووی مامۆستای قسان بوون و بەس !! دەبێ ئەوەیش بلێین کەگەلێ جار هەندێ بزووتن وجم وجوولێ دەکرا ، ریعایەتی هەستی ئەو خەلکەی تێدا نەبوو ! ئەمە دە ئەوەندەی تر قورەکەی کردە لیتە (زاد الطین بلة )، ئەمەیش باشتر رێگەی خۆشکرد کە کەسانێك هەستن بە ناوی (اصلاح) وچاکسازییەوە ، خۆ بخەنە ناو ریزەکانی بزوتنەوەوکەنەوەی بکەن ،ئەمە لەلایەکەوە، لەلایەکی ترەوە خەلکانێکیتر بەناوی (رێکبوون)ەوە، دیارە هەرئەوانە کە لەسالی (١٩٨٩) دا ئەو ئاشووبەو فەوزایەیان نایەوەو، هەردەم لە کەمیندابوون بۆ بەدەستخستنی خالێکی لاواز وبیقۆزنەوە وبیکەنە هەرا، بێ ئەوەی بزانن چەند قازانج وخێر دەستی بزوتنەوە بکەوێت ! بۆیە هەر درێژەیان دایە بەهاوکاری ئەملاو ئەولا، وەکو لە دوایدا دەرکەوت، هەتا کۆتایی مانگی (٢٠٠١/٥)، پاش تکاو لالەیەکی زۆرلێیان کە ئەوکارە نەکەن ،جیابوونەوەیان راگەیاند و، بزووتنەوەش وەکو سەیارەی مینرێژ کراو بوو بەچەند پارچەیەك و، لەولایشەوە زەمینە باشتر ساز بوو بۆتوانەوەی لە لایەن هێزە کوردستانیەکانەوە ، چونکە پاش راگەیاندنی ئەو جیا بوونەوەیە – کە تائێستاش هەموولایەك باجی دەدەن – بالێکی تری لێپەیدا بوو ، بە ناوی پێلایەنەوە ، ئەگەر چی دوومانگ لە قسەو گفت وگۆدابوین، نزیك بوو شتێکی باشی لێبکەوێتەوە، بەلام هەرئەوەندەمان زانی دەستێکی نەیار ئیشارەی دانیێ وگوشاری خستە سەریان بۆ راگەیاندنی بالی سێیەم ، ئەگەر ئەمان ئامادە بوونایە، بەلام مرۆڤ دەبێ هەمیشە هەقبێژبێت خۆیان تەسلیم نەکردوو هەروامانەوە، ئەوسالە لەرێگایەکی ترەوە بۆیان هاتنەوە هەولیان لەگەلدان کە لەگەل بالی دووەمدا یەکیانخەن، پاس بیرەو برۆیەکی زۆر هەندێکیان بەکۆمەلێ مەرج ئامێتەیان بوون و، برێکیشیان ئەوانەیان لە بیارە بوون خۆیان کێشایە دواوە و، پاش ماوەیەك ئەوانیش خۆیان راگەیاند وبوونە ئەوهێزەی کەئەمریکا هاتە ناوچەکەوەوتوانی لەو ناچانادا دەریان پەرێنێت، بالەکانی تریش بەسووکیی و، کەم نرخی لای جەماوەری دونیا مانەوەو، وەك مردووی بەردەم مردووشۆریان لێهات لەبەردەست ئەو هیزانەدا چەند سالە لە کەمیندا بوون بۆیان ، ئەوانیش رۆژیان بوو وچۆن بە هەقیان زانی ئاوا مامەلەیان لەگەل کردن، و ئێستایش ئەوەیە کە دەبینرێ، بە سەدان کادیری پێشکەوت و یان وازیان هێناوە یان سەری خۆی هەلگرت و ولاتی بەجی هێشت ، توندی گرتووخانەکان کراون . دەبێ کێ بەر پرسی ئەو ماجەرایەبێت لای خواو ، لای مێژوو ..؟؟

* بزووتنەوەی ئیسلامیی لەبەر ئەوە لە بنەڕەتدا دەبـێ موسـڵمانان یـەکبن وبەیـەك شـێوە کاربکـەن سـاڵی (١٩٩٩) لیژنەیەکی پێکـهێنا بـۆ دانوسـتان ونزیکبونـەوە لـە حیزبـە ئیسـلامییەکانی کوردسـتان ، لـەوانـە یەککرتووی ئیسلامیی و، بزوتنەوەی راپەڕینی ئیسلامی (برا)، پـاش چـەند دانوسـتانێك (بـرا) زۆرتـر هاتنـە پێشەوە ، بەلاّم کۆمەڵە مەرجێکی سەخت ونەگونجاویان دانا ، ئەگەر لە بەر جدییەتی هەوڵـەکانی بزوتنـەوە نەبوایە بۆیەکبوون هیچ یاسایەکی حیزبی قبوڵی نەدەکرد، بەلاّم لە بەرسووری بزووتنـەوە بۆیـەکبوون بـاڵی میهرەبانی بۆراکیشاو زۆربەی مەکتەب وئورگانە گرنگەکانیان تەسلیم کرا! پاش ساڵێك کارکردن پێکـەوە، کە مەگەر خودا بزانێ چ بەرەکەتێك هەبوو لەکاردا لەو کاتانەدا، بەلاّم مەخابن لەبری چاکسازیی ئـەمانیش دایانە پاڵ باڵەکەی (رێکبوون)وحاڵەتێکی فەوزایان دروست کرد ، بۆ دوایی بە سـەد ئـاقڵ ودانـا چارەسـەر نەکراو ، بوونە پاڵ پشتێکی بەهێز بۆ پیلانە کۆنـەکان ولـە ئـەنجامدا وەکـو وتمـان سـاڵی (٢٠٠١) توانیـان کۆنگرەیەکی دور لەیاسای شەرعی گرێ بدەن و ،چۆنیان پێگوترابوو جێبەجێی بکەن و ،رۆژیـش گەێشـتە ئەمڕۆ! ئەڵبەت پێویستە ئاماژەیش بۆئەوە بکرێت کە قیادە ئەوانە شـتیان بەدەسـتبوو بەحەکیمانـە نـەیانتوانی لەگەڵ رووداوەکاندا (تەعامل) بکەن ، بۆیە بەیەکجاری زەمینە سازبو بۆ ئینشقاق !.

# دروستبوونی بزووتنەوەی ئیسلامیی بۆ ؟!

## وەلاّمێکە بۆ ئەوانەی کە دەیانەوێ هۆکارەکانی درووستبوونی بزووتنەوەی ئیسلامیی بزانن .

سوپاس وستایش بۆ پەروردگاری جیهانیان دروودو سەلامی خـوا لەسـەر پێشـەوای تێکۆشـەران پێغەمبـەری سەرووەرمان ولەسەر خانەوادەو خێزانی وهـاوەڵانی بـە گشـتی و ئەوانـەیش دەسـتیان بەرەوشـت و هـەڵس وکەوتی بەرزیەوە گرتوو شوێنی رێنمونیيە تەواوەکەی کەوتوون ودەکەون تارۆژی دوایی .

بەرێزان/ خوای گەورە دەفەرمۆی:(انما المؤمنون اخـوة) بەڕاسـتی بـاوەڕداران بـرای یـەکترین ، و بـۆ بـەجێ گەیاندنی ئەو برايەتیيە و، بۆ بەهێز کردنی پەیوندی یەکانمان لـــە گـەڵ تێکـرای برایـانی موسـوڵمانماندا لـە ناوگێتیدا، ولە بواری یەکتر ناسین و هاوکـاری کردنـی یـەکتردا و بـەهێزکردنی بنەچـەکانی خۆشەویسـتی لەنێوانماندا ، واەمان بەچاك زانی بزوتنەوەکەمان بەم کورتەیە بناسێنین کەلە زۆر تێڕوانینی ( بواری بانگەوازی ئیسلامی )ماندا دێتە رێمان کە ناوکرۆکی بزوتنەوەی ئیسلامی چی یەو(بنەماو مەبەست وئامانجەکانی ) چین ؟ وە بۆ وەلاّم دانەوەی ئەو پرسیارە، پێویستە ئەوکاتەی شوێنەواری بزوتنەوەی تێدا سەری هەڵداو، ئەو هۆیانـە

له پاڵ دروست بوون وپێکهاتنی دابوون بهێنینه ناو باســـەکەوە .. ودەیـش توانـین وەڵاَم لـەم چـەند خاڵــەدا کورت بکەینەوە :

## ١- سروشتی ئیسلام :

گومان لەوەدانی‌یە کە ئاینی ئیسلام ئەو ئاینەیە کە خوای گەورە ڕەزامەندی لەســەرە کـە یاسـاکانی بـەڕێوە ببەن ( ورچیت لكم الاسلام دینا) ڕازیم ئاینیی ئێوە بریتی بێت لە پـەیڕەوکردنی یاسا پیرۆزەکـانی ئیسـلامی خاوێن و، بەو پێیەش خوای گەورە هیچ ئاینێکی تر لـە هیچ کەس قبوڵ ناکا وپێ رازیی نـابێ (ومـن یبتـغ غـیر الاسلام دینا فلن یقبل منه وهو فی الاخرة من الخاسرین) وە هەرکەس جگە لـە ئاینی ئیسلام ئاینێکی تـر بکاتـە ئاین وبەرنامەی ژیان وشوێنکەوتەی بێ، لێی وەرناگیرێ ولـە دوا ڕۆژیشدا بەخەسارۆمەند ودۆڕاوان ئــەژمارە دەکرێ. .وەخوای‌گەورە ئەم ئاینەی تەواوو پڕاوپڕکردووە بۆ مرڤایەتی: (الیوم اکملت لكم دینكـم واتممـت علیكم نعمتی ..) ئەمرۆ ئاینەکەتانم بۆ پڕاو پڕو تەواوکردوو تەواوی فەرەکانم بە پڕاو پڕی پەخش کـردوە بـە سەرتاندا . وە بەندەی بــاوەڕدار موسـڵمانێکی سـاغ دەرنـاچێ کـاتێك بەتـەواوی خۆیـی و تێکـڕای ژیـانی پێشکەشی ڕەزامەندیی وگوێڕایـەڵی خـوا نـەکات بـەو شـێوازە کـە خـوا پێویسـتی کـردووە لـە سـەریی و جێبەجی‌کردنی تێکڕای داخوازیەکانی خوای‌گەورە بە مل کەچیەوە وبە پێی توانا و لوانی ژینگەی، ئەمــەیش کاتێك ئەبێ کە بەندە بەگشـت شـێوازێك بچێتـە نـاو ئایینەکـەی ئیسـلامەوە (واتـە بـەتێکڕایی)، وەبــەوەی کەلـەتێکڕای گۆڕەپانـەکانی ژیـاندا باوەڕەکـەی کاریگـەربێ و دەربکـەوێ ، پـا بـەندبوونی بـە وێســـتگە ئیسلامی‌یەکان و بەجێ‌گێرکردنیان لەسەر ڕەوا، و پارێزگاری کردنیی وپاراستنیی، وتێکۆشان بە هەرچی‌یــەك کە هەیەتی لە پێناوی سەرخستنی ڕەواو جێبەجی‌کردنی دادپەروەریدا ،ولابردنی ستەم بەسەر خەڵکی‌یـەوە، تێکرای ئەمانەش لەسەر ڕێنمونی لە پەیامی قورئانی پیرۆز و سونەتی پێغەمبەر (ص) لەبانگـەوازو وکـارگێڕی وهەوڵ و تێکوشان وجیــهادکردن، ئـەم هـزرە ڕاسـتەقینەیە بـوو بزووتنـەوەی ئیسـلامیی بەشـێوەیەك وایـان ڕەچاوکرد ڕێگەی ڕاست بۆ بەندایەتی کردنــی خـوا وبڵندکردنـەوەی دروشمـی ئـایین ، وبـەرگریکردن لـە سنوورەکانی و، ڕزگارکردنی خەڵکی لە وێڵی وسەرگەردانی، بریتی‌یە لە ئامادەکردنی هێزو توانا:( واعــدوا لهم ما استگعتم من قوه) ئامادە بکەن بۆدوژمنانی ئیسلام وخوانەناسان ، کۆتا توانای هێزو تواناو دەســەڵاتتان، وە ئەوەش نایەتە جێ بەکاری ڕێکخراوەیی‌و جەماوەری نەبێت لەلایەکەوە و، جیهادکردن وهەوڵ و تێکۆشان خستەنەگەڕ لە پێناوی ڕێبازی خواداو، دروست کردنــی گۆڕانکاریـەکی ڕاسـتەقینە لــە هـەموو بوارەکـانی ژیاندا، لە لایەکی تریشەوە بۆ گوێڕایەڵی کردنی فەرمانی خوای گەورە کــە دەفـەرموێ :( ان الله لایغیر مـا

بقوم حتى يغيروا ما بأنفسهم ) خوای گەورە هیچ گۆڕانكاریەك ناخاتە هیچ پیرێكەوە بە هەوڵدانی ئەو پیرە خویان نەبێت لە گۆڕینی خۆیاندا.

**٢- خوای گەورە مرۆڤی لە تاكە كەسێكەوە بەدیهیناوە**، و هاوسەرەكەشی لەخودی تاكە كەسەكە دروست كردووە، لەو دوو هاوسەرەوە پیاوان و ژنانی بەدیهێناوەو بەودوانە وەچەی خستۆتەوە، كردوونی بەچەند نەتەوەو تیرەیەك بۆئەوەی یەكتر بناسن ، وبەرێز ترینیشیان لای خوا بەتەقواترینیانە، وەنەتەوەی ئیسلامی كردووە بەیەك نەتەوە:(وان هذه امتكم امة واحدة ) وەبەڕاستی تەنها ئەم ئایینی ئیسلامە بریتییە لەبەرنامەو ڕێبازی ئێوە، بۆیە كردی یە چاكترین ئوممەت . بۆ چاكە كاری ناو مرۆڤایەتی وەلە بەر ئەوەی كەچاكە ڕەفتاریان دەكردو لە خەڵكیشیان داخوازی دەكرد چاكەكاربن ولەخراپە دوورە پەرێز دەبوون وداوایان لەخەڵكیش دەكرد دوورە پەرێزی لێ بكەن. وەبارو گوزەرانی ئوممەتی ئیسلامی بەم شێوازە بەردەوام بوو، هەتا دەروونی جولەكەكانی پێ تەنگ بوو وئیتر ڕۆژو شەو فێڵ وتەڵەكەیان دەهێنایە ناو ئوممەتی ئیسلامیەوەو بۆخراپ كردنی دەكۆشان ، بۆئەوەی یەكێتییەكەی پەرتەوازەكەن ووتاری بەرزی پەیامەكەی پرژو بلاوەكەن ، وەتەنها ئاواتیان ئەوەبوو گێتی ببێتە سەر شۆریان و بەوەدەوڵەتەیان بگەن كە درێژ دەبێتە وە لە فوراتەوە بۆ نیل، بۆ بە دیهێنانی ئەو ئاواتەیان كە(بە گەلی هەڵبژێرراوی خواوەند) ناسراو بگەن . لە بەرئەوەی لەناو نەوەی موسڵماناندا هزری نەتەوایەتی و ڕەگەزپەرستی‌یان تەشەنە پێداو ، لێكیان بچڕاند بەناوی نیشتمان پەروەرییەوە ، هەتا كردنیان بەچەند نەتەوەیەكی جیاواز وقینەبەر، بەوشێوازەی ویستیان لەسەری بوو، وەلە قوربانیەكانی ئەم ڕامیارییە فیلاوییە نەتەوەی موسڵمانی كورد بوو، كە لەدەركەوتن و سەرهەڵدانی ئایینی پاكی ئیسلامەوە پەیوەندیی وهاوپەیمانی لە گەڵ ئاینەكەدا بەست، لە سەردەمی فەرمان ڕەوایی حەزرەتی عومەری كوڕی خەتاب دا (خوای لێ ڕازی بێ )، ئەم گەلە لەوكاتەوە شانازی بەم ئایینە پیرۆزەی خۆیان –كە ئاینی ئیسلامە– دەكەن و بوونە سەرخەرییو ، پێشكەشیان كرد بە ئیسلام چەند كەڵەپیاوێك لەهەموو گۆرەپان و بوارەكاندا ، كە (ابن الاثير) و (ابن خلكان و ابـن الصلاح ) چەند نمونەیەكی ئەو باسەن لە بواری زانستیی ئیسلامیدا، پێشەوای نەبەردیان (صلاح الدين ) كە مزگەوت و خاكی قودسی ئازاد كرد و ڕووبەڕووبوویەوەیە لەگەڵ خاچ پەرستاندا كە زۆر لەناساندن وپێناسەكردن دەوڵەمەندترە، وخوای گەورە بە هۆكاری ئەوەوە پشتیوانی و دەسەڵات و توانایی هێزی بە ئاینی ئیسلام بەخشی لە گرانترین كاتەكانی مێژوودا كەنەتەوەی ئیسلامی پیادا تێپەڕی . موسڵمانانی كورد هەروەك نەتەوەكانی تر خۆیان بەبەشیك لەنەتەوەی ئیسلام دەژمارد، لێبڕاوانە كار ئەندام بوون لە پێناو نەتەوەكەیان خۆیان فیدا دەكرد لەپێناوی بەرگری لێكردنیدا، بەلاَم دوای تیاچوونی دوا دەوڵەتی ئیسلامی (عوسمانییەكان)

، وبلاّوبونەوەی ڕەگەزایەتی نەتەوەیی، ولاّتی کوردستان دەکرا بەچەند بەشێکەوە، کوردان لەهەموو مافێکیان بێ بەهرەکران، تەنانەت ئەوەیشیان لێ قەدەغەکرا بەزمانی سەرەکی وبنەرەتی خۆیان وتوویژو خوێندنەوەو نوسینیان بێ ، دوای ئەویش جەنگی (جینۆساید)یان ئاراستە کرا بەمەبەستی لەناوبردنیان لە بنەچەیانەوە، بەتایبەتی لەکوردستانی عێراقدا، بەشێوازێك هەزارەهاو سەدانیان لێ کوژراو، لادێکانیان کاولکراو ژیانیان کردنە دیل ، ئەوکارە لە سنوردەرچوانەیشیان بەناوی ئیسلامیەوە ناودەبرد بۆئەوەی لەدڵی کوردەکاندا ڕق وقین بەرامبەر بەئاینی خوا بچێنن ، وەکو ناوبردنی هەندێ لەوکارە درەندانەیان بە ناوی (ئەنفال)و بەوەیش کۆتاییان نەهێنا بەڵکو بەچەکی کیمیاویی شاری هەڵەبجەی خوشکی هێرۆشیمایان بۆردومان کرد، وهەزارەها لادێی تریشیان کاول کرد لە گەڵ هەزاران مزگەوت ، لە کاری (ئەنفال ) دا کوشتارو لە ناوچوونی زیاتر لە ( ١٨٢٠٠٠ )سەدو هەشتاو دوو هەزار کوژراو بوو کەبریتی بوون لە منداڵ و ئافرەت و پیرو پەککەوتە، پاشان خەڵکی پرمەینەت ماندوو شەکەت بوون و،لە تواناياندا نەما لەژێر گرفت ومەینەتیدا ژیان بگۆزەرنێن . دوژمنانی ئیسلامیش گومانیان دەوروژاندو تەشەریان لەئیسلام وخانەوادەکەی دەدا بەرەچاوکردنی ئەوبارو گوزەرانە سەختەی کەگەلی پێدا تێدەپەری ، هەتا گەیشتە ئەندازەیەك گەلەکە بێ ئاین بکەن، و لێرەدا زانایانی ئایینی بەپێویستی سەر شانیان زانی بەرگری بکەن لە ڕەوا وڕاستیی ولابردنی ستەم بەسەر ئەوگەلە ستەم دیدەوەو و هەستن بە پەرچ دانەوەی ئەوگومانە دروست کراوانە، بەبلاّوکردنەوەی ئایینی ئیسلام بەراستی لەناوخەڵکی دا ..

## ٣- لابردنی ستەم بەسەر خەڵکیەوە:

ئیسلامی خاوێن نایەوێ شۆێن کەوتوانی بەجیا لەواقعیان ژیان بەسەربەرن و دووره پەرێزبن لە ئێش وئازاری خەڵکی دەوروبەریان ، هەروها داوای لە شۆێن کەوتوانی نەکردووە کە بۆبەندایەتی کردن بەشێوازێکی تەسك لێببرێن ، بەڵکو کارامەیی بۆنەهێشتنی ستەم بەسەرخەڵکیەوە و ،چاك کردنی ژینگەیان و ڕێکخستنی کاروفرمانیان وگەیاندنی زانست پیێان بەبەندایەتی ئەژماردە کردووە ، چونکە بەبەندایەتی کردن لەئیسلامدا بریتیە لەوشتانەی کەخوای گەورە مەبەستیەتیی و پیی‌خۆشە ئەنجام بدرێن ، خوای گەورە دەفەرموێ :(ولا ترکنوا الی الذین ظلموا فتمسکم النار ) نەکەن مەیلی دڵتان لەگەڵ ئەوانەدا بێت کە ستەمیان کردووە و لە خوا یاخی بوون چونکە ئەوکاتە ئاگری دۆزەخ دەتان سووتێنی . پێغەمبەریش (صلی الله علیه وسلم) دەفەرموێت:( المؤمن الذي يخالط الناس و يصبرعلى أذاهم خير من المؤمن الذى لايخالط الناس ولايصبرعلى أذاهم ) باوەڕدارێك کەتێکەڵی خەڵکیبێ و ئارامگربێت لەسەر ئەشکەنجەکانیان لەوباوەڕدارە چاکترە کەتێکەڵی خەڵکی نابێت و لەسەر ئەشکەنجەکانیان ئارام ناگرێ. هەروەها پێغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم

) دەفەرموێ :( الظلم ظلمات يوم القيامة) ستەمی دونیا دەبێتە چەند ستەمێك لە ڕۆژی دواییدا، بـەڵێ ستەم هەورێکی تاریکی ئاسمانی عێراق بوو، دڵۆپ دڵۆپ ئاگر وخوێنی دەباراند بەسەر خەڵکی عـێراقدا بەتایبـەتی بەسەرگەلی ستەمدیدەی کوردا ، شانس و بەرکەوتی لەوبەزموبالۆرەدا لەهاولاتیانیتر زیاتربوو، و سـادەترینی مافەکانیشی لێزەوت کرابوو، نارەوایان بەوەیش کۆڵیان نەدا بەڵکو مزگەوتەکانیشیان کاول کردو، وانەکانی ناومزگەوتیان قەدەغەکرد وزانا بەرزوبڵندەکانیان لەناو برد، لەروی لێبراوان وتەقواکاراندا جگە لـە هـەوڵو تێکوشان وجیهادکردن شتێکی ترنەما .

## ٤- پەرت بوون وجیاوازی ناو دانیشتوانی گەل:

خوای گەورە دەفرموێ:(وذاكروا نعمة الله عليكم اذ كنتم اعداء فالف بين قلوبكم ) یـادی فـەڕ ونـازی خـوا بکەنەوە لەسەرتان، چونکە کاتی ڕابوردووتان دوژمنی یەکتربوون، بەڵام خوای گـەورە بـەهۆی فـەڕو نـازی ئیسلامەوە دڵەکانتانی پەیوەست کرد بەیەکەوە، لە سایەو سێبەری ئەم بارە ناهەموارانـەدا گـەل ونەتـەوەکان پەرش وبلاوبوونەوەو، خەڵکی جیاوازیی وئاژاوەیـان تێکـەوت و، لـە قـەراغی چاڵـە ئاگرینەکـەدا دەژیـان، تێکرای نیشانەکانی تیاچوونیان تیا دەرکەوت، وهـــەمو هۆکـارێکی روخـان وسەرشـۆڕیان لـەخۆگرت، وە گەلیش تواناى بەرەنگاربوونەوەی دوژمنانی نەبوو کەلە ناو خۆیدا بە بەدەردی پەرت وبـلاوی وجیاوازیـیە ناوخۆیی یەکانەوە گرفتار بوو بوو، وە دروشمە جێگیرەکانی توانای یەکێتی خستنە نـاو پۆلـە جیـا جیاکانیـان نەبوو، توانای چارەسەرکردنی گرفتی پەرش وبـــلاوە هێنانــەوەی برایـەتی نـاو تاکـەکانی گەلیشـیان نـەبوو، نەهزری کرێکاران و، نەرەگەزپەرستی و نەتەوە گەری، ونە چاکسازییە کۆمەلایەتییەکان نـــەیانتوانی خـەڵك کۆبکەنەوەو یەکیان بخەن، و ئەو بارەیش ڕۆژ بەرۆژ بەرەو تیاچون و روخـانـدن دەچـوون و، بـارو وەزعیـش ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ناهەموارتر دەبوون و گوڕەکانیش خاوتر دەبوونەوە وگەلی داماویش خـــۆی دەدا بەدەسـت ڕۆژگاری گران و ناجۆرەوە، گیانی پەرچ دانەوەی تێدا لاواز دەبوو، زانایانیش چاك دەیـــانزانی کـە ڕێگـەی یـەکێتی نـاو گـەل لەسـەر بنچینـەی برایـەتی بـۆ خـوا دەسـت گرتـن بەرێبازیـیەوە وگۆیرایـەڵی فـەرمان وداخوازییەکانی نەبێ ڕێگەیتری نییە، هەروەها دەیانزانی ڕێبازی هێزو توانای دەسەلات نییەو گەلاڵە نـابێ دەست گرتن بەم ئایینە خاوێنەوە نەبێ، وەکو چۆن حەزرەتی عومەری کوڕی خـەتاب فـەرموی : (نحـن قـوم اعزنا الله بالاسلام فهما اردنا ان نعز بغيره اذلنا الله) ئێمە نەتەوەیەکین خوای گــەورە هـێزو توانـاو دەسـەلاتی بەئاینی پیرۆزی ئیسلام پێ بەخشیوین، لەبەرئەوە ئەگەر ئێمە بمانەوێ جگە لەو ڕێبازە لـە جیێـەکیتر خۆمـان خاوەن هێزو توانا و دەسەلاتدار کەین خوا سەرشۆر وملکەچمان دەکات، هەروەك ئـەمرۆمان پـەنا دەگرین بەخوا!! بەڵێ کەسێ خوای گەورە سەرشۆری کردبێ هێزو تواناو دەسەلات وسەربەرزی نییەو هەرکەسـیش

خوای گەورە سەربەرزو دەسەلاتدارو خاوەن تواناو خاوەن هێزی کردبێ سەرشۆر ناکرێ و سەرشۆر نابێ، وە (ان تنصروا الله ينصركم ويثبت اقدامكم ) چونكە ئەگەر خوای گەورە سەربخەن خوای گەورەیش ئێوە سەردەخات وپێکانتان جێگیر دەکات. لەبەرئەوە هەوڵ وتێکۆشان و جیهاد کردنیان راگەیاند بۆ ریبازی خوا وەکو تاکە چارەسەریك بۆ دەرواز بوون لەوەدا کە ئەوانی تێدایە.

**٥- خراپیی هزرو بیر:**

خوای گەورە ئادەمیزادی لە تێکرای بوونەوەرانیتر جیاکردووەتەوە بەوەی هۆش وبیری پێ بەخشیوەو، لەزۆرێك لەئایەتە پیرۆزەکانی قورئاندا داوای بیرکردنەوەی لە ئادمیزاد کردووەو. و بیرکردنەوەی لە بەڵگەکانی ئاسۆو دەروونددا بەجۆرێك لەبەندایەتی داناوە، (ان فی خلق السموات والارض واختلاف اللیل والنهار لایات لاولی الالباب ) بەراستی لە دروست کردنی ئاسمانەکان و زەوی و ئالوگۆڕی شەوورۆژدا بەڵگەی زۆر هەن بۆکەسانی ژیر و هۆشمەند، ( افلا یتدبرون القران ام علی قلوب اقفالها)، ئایا ئەوانە بۆچی وردبینی لە قورئاندا ناکەن وگوێی بۆ ناگرن؟ یان ئەوەیە دڵەکان لە ئاست راستی دا داخراوە وقفڵ دراوە (وفی انفسکم افلا تبصرون ) لە دەروونی خۆیشتاندا بەڵگەو نیشانەی خوای گەورە زۆرن ئایا بۆچی وردبینییان تیاناکەن و تەماشایان ناکەن. وە خوای گەورە نێراوێکی خۆی ناردووەتە سەر مرۆڤایەتی بۆ ئەوەی پەروەردگاری خۆیانیان پێ بناسێنێ و، مافەکانی خوایان پێ بڵێ کە داویەتی بەسەریاندا وتێیان بگەیەنێ مافەکانی خوای گەورە بەسەر مرۆڤەوە چی وچین .

وە رێگەی نیگا تاکە رێگەیە بۆناسینی خوای گەورەو زانینی شاراوەو نادیارەکان لەم گەردونە بەرزەدا، بەڵام خەڵکی لە سنور دەرچوون و خراپەیان کردو خەڵکی دوای ئارەزووەکانیان کەوتەن و گومڕاو سەرلێشێواو بوون، کەسانێکیان نەبێت بەهۆی پابەندبونیان بەزانستی یەکتاپەرستییەوە خوای گەورە پاراستنی بەسۆزی خۆی. وە نەخوێندەواری لەناو خەڵکیدا بڵاوبوویەوەو پەرەی سەند.

لێرەدا بەکرێ گیراوانی سۆشیالیست وشیوعییەکان هەلیان بەدەست هێنا بۆ بڵاوە پێکردنی خوانەناسی و بێباوەڕی و بەرەڵایی وبەهەمان شێوە هەڵگرانی پێشکەوتن ودیموکراسی ئەم کاتەیان بەهەل زانی بۆ بایەخ پێدانی رەگەس پەرستی .

مافێکی رەواش بوو بۆ زانایانی ئیسلام کاریگەری خۆیان ببێ لە پاراستنی هۆشەکان و بەکارهێنانیان لە سنورەکانی خۆیانداو، پەرچ دانەوەی ئەم گومان و دڵەراوکەیەو بێ بەهاکردنی ئەم فەلسەفانە بۆ بەرگری کردن لە یەکتاپەرستی ودامەزراندنی بیر وباوەری ئیسلامی .

**٦- بەد رەوشتی:**

گومان لەوەدا نییە کەپێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بەرزترین نمونەی رەوشتی لەخۆگرتووەو بەشایەتی خـوا پێغەمبەر لەسـەر بلّندترین خورەوشـت بـووە ، ( وانـك لعلـى خلـق عظيـم) بەراسـتی تـۆ ئـەی موحەمـەد لەسەرخورەوشتێکی زۆر تەواو پەسەند و مەزن بویت و ئەبیت .

خوای گەورەیش بە مەبەستی تەواو کردنی رەوشتی بەرز کرویەتی بە نێرراوو پێغەمبەری خـۆی (وە رەوشـتی بەرز سەنگینترین شتە لە ترازوی مسوڵماندا لەرۆژی دوایدا) تەبیعیشە لە هزری ناپەسەند و نامۆ بێ رەوشتی لێدەکەوێتەوە بۆیە گرفتەکان زۆرتربوون و کار و فرمانیش زیاتر گیر و پێچراوە بوون خەڵکیش بەرە و ژیانی ئاژەڵی و دارستان ملیان نا، سۆزو بەزەیی، بەیەکەوەبونیان لەدەستدا، خێزان و خانەوادە تێك چوو، شـەرواڵ پیسیی و بەرەڵایی تەشەنەی کرد، ناپاکی پەرەی سەند، سو خرایە ناو ئاڵوگۆڕی کرین و فرۆشتنەوە، بـەرتیل بە هەوانتە لەخەڵکی سەندراو نـۆش کـرا، گیـانی تێکۆشـان و هـەوڵدان و جیـهادکردن و بەرەنگاربونـەوە لەدەروونی هاووڵاتیاندا لاواز بوو، و لە گۆماوی خراپەکاریی و تاواندا تیاچوون، وەك شاعیرێك دەڵێ:

إنّما الامم الاخلاق ما بقيت * فان هموا ذهبت اخلاقهم ذهبوا

واتە: مانەوەی نەتەوەکان مانەوەی رەوشتە تیایاندا، ئەگەر ئەوان لەبارێکدا خورەوشتیان لەدەستدا، خۆیشیان لە دەست داوە بە تاوان .

وە دەرمانی چارەسەر کەری ئەم گرفتانە تەنـها ئـاینی ئیسـلامە ، کـە خـەڵکی چاوەڕوانیـان دەکـرد وەکـو دەربازکەرێك و چارەسەرێك و زانایانی ئیسلامیش بەرپرسی یەکـەمن لـە بـەردەم دادگـای خـواو بەرپرسـی دووەمیشن بەرامبەر خەڵکی بۆ رێنمونـی خـەڵکی و بەگژاچونـەوەی خراپـەکاری و پاراسـتنی رەوشـتیان و بەرگری کردنیان لە خەڵکی بەرامبەر دوژمنان کە جولەکەکان هەموو کات لە پشتیانەوە بوون .

## ٧- شناسنامەی مسوڵمانی ( کەسایەتی بڕوادار ):

یەکڕەنگی لە دروسـتبونی کەسـایەتی ئیسـلامیدا مەبەسـتێکە لـە مەبەسـتەکانی پـەروەردەی ئیسـلامیی، وە نایشگونجێ مرۆڤ موسوڵمانێکی تەواوبێت و باوەڕدار بێت بەباوەڕێکی تەواووە لەبواری ئـەم یەکڕەنگیـەوە نەبێ لە کەسایەتیدا.

واتە: دەبێ کەباوەڕداربوو باوەڕەکەی تێکڕای شوێنەوارەکانی ژیانی بگرێتەوە، وەهـەموو لایەنەکانیشـی بـەو باوەڕە گەشاوە بێت .

وە دژایەتی کردنی ئەم یەکڕەنگییە و گرفت خستنە سەر ڕێگەی ــ کاری دروستکردنی کەسایەتی ئیسلامیی تەواو بۆ نەوەی مسوڵمانان ــ بریتییە لە دیـارترین مەبەسـت و ئامـانجی رامیـاری دەرەکـی دەوڵـەتە خـاچ

پەرستەکان بە تایبەتی جولـەکە، لـەسەر تاکەکان بێت یان لـەسەرکۆمەڵگە بێت وەك یەککارمەند بون تیایدا ، لەبەر ئەوە شەوو ڕۆژو بیست و چوار سەعاتە لـەکار و هــەوڵ وکۆشــش ناکــەون لــە بلاوکردنــەوەی دڵــە ڕاوکە و گومان دروستکردن لە چــوار چێــوەی ئیســلام لــە لایەنێکــەوە ، وە ڕۆژگــاری بــەربلاوی پــڕ لــە دووبەرەکایەتییو لاوازییو بێ توانایی ناو مسوڵمانان. هەتا ئەوەی موســڵمانانیان گەیاندووەتــە پلـەیـەك کـە لەبارەی ئایینەکەیانەوە شتێك نازانن و شارەزاییە کی بەرچاویان نیە ، وە واگومان دەبەن ئایین تەنها پەیوەندی بەندایەتی کردنی نێوان بەندەو پەروەردگارەو هیچی تر، پاشان هاتنە ناو کۆمەڵگە ئیسلامیەکانەوە لە ڕێگەی ڕاگەیاندن وڕێبازەکانی پــەروەردەو گرنگــی دان بــەوەرزش وچــەند ڕێــازو ڕێســایەکی تــری هــاو وێنــەی، وەزۆرینەی مەبەست وئامانجیان بەدیهێنا، هەتا لـەناو نەوەی موسڵمانـاندا هەڵکەوتوانێك داوای جیاکردنـەوەی دەوڵـەت ورۆژگاری ڕامیاری دەکەن لـەئایین، وەوایان لێ هاتووە بڕگەی: ڕێبازی سەرکەوتن ورزگــاربوون و بەرەوپێش چوون بریتییە لـەبێ ئایینی! لـەم کەشە خراپەو ڕۆژگــارە رووخــاوەدا هــزرو فیکــری بزووتنــەوەی ئیسلامیی دروست بوو ، وەبانگەوازی کرد کە ئەو بزوتنەوەیە بریتییە لــە دەولــەتی ئیســلامیی وبانگــەوازی کرد بۆجیهاد کردن وهەوڵ وتیکۆشان لە پێناوی هێنانەدی دەوڵـەتی ئیسلامیی و ڕێبازی خــوادا ، بــۆ ئــەوەی بەرانبەر هەموو پیلانەکان بووەستێ ولەسەر درووست کردنــی کەســایەتی ئیســلامی یــەکڕەنگ بۆنــەوەکانی ئیسلام کۆشاو، لـە ڕێگەی درووستکردنی هزرو بیریانەوە وتەواوکردنی ڕەوشتیان وپەروەردە کردنی گیانیــان وپاکژیی دەرونیان و ڕووناککردنەوەی ژیری یان . لـە کەســیش شــاراوە نیــە ژیــان بریتــی لــە کــارتێکردن وکاردانەوە ، گومانیش لـەوەدا نیە کە بزووتنەوەی ئیسلامیی درێژەی ئەو بزوتنەوەو شۆڕشــە ئیســلامییانەیە کە لـەوێ ولە وێی ئەم گێتییە گەورەیەدا بەرێ کراون. سروشتی کوردستان دڵگیرەو، وشــاخەکانی پتــەو دامەزراوەن، ئاوەکەشی سازگارە وکەشوهەواکەی پاك وخاوێنە ، وبــەروبوومی زۆرو زەبەندەیــە ، بــەڵام لــە راوەدو نانیشیاندا ئەو پەڕی ئەو پەڕبوونەو، لـە تێکرای فەڕو بەروبووم گەلی کورد قەدەغــە کرابــوون، هــەتا وشەی (کوردستان ) قەدەغە کرابوو لێیان ، و ئەم وشە خۆش ونەرمەیان لای گەلی کورد ، تا ئێستاش قەدغە وقاچاخەو، زیندانەکان بەهۆی تەنها ناوبردنی ئەو وشەیە لای کوردان پڕکــراون لــەکورد، وهــەزارانیش لــە پێنــاوی ئــەو وشــەیەدا لــە نــاوچوون وکــوژراون، وجــەنگی دەرونیــی وراگــەیاندن وســەربازیی ورامیــاریی حکومەتەکانی عیراق بەردەوام بووە بەرامبەر بەگەلی کورد ، لـە پاڵ لـەناو بردنــی بەکۆمــەڵ (جینۆســاید)داو، هەوڵدان بۆ ڕیشەکێشکردنیان لـە بوون ونەهێشتنی مێژوو ورۆشنبیر وکەلـەپوریان، هەموو ئائەمانــە وجیــهانی ئیسلامیی بێ ئاگایەو بێ ئاگابووە لـەوەی لە کوردستاندا ڕوودەدات ، لــە نــاو خۆیشــیدا بــەکرێ گــیراوانی ڕۆژئــاوا دژایــەتی کردنــی ئــایین دەکــەن بــەناوی پێشــکەوتن وخــێرخوازی و دیموکراســییەوە ، وەزانایــانی

خۆرهەلاتیش هەستان بەدژایەتی کردنی خوورەوشت، وداوای بەرەڵلایی یان کرد بەناوی ئازادیی وسۆشیالیستی‌یەوە وئەم گەلە ستەم لێکراوەیش واق وڕماوەو بەرەو رزگاری هیچ رێیەك بەدی ناکات ، وزەوی تەسك بووەتەوە لەسەر خەڵکی بەوهەموو فراوانیەوە وزۆریش مەرەخەسی رۆژگاری پڕ شووم بوون .

ئالەم کاتەدا دەرووست کەرانی بزووتنەوە دەستیان بە جموجوڵ وکۆڵنەدان کرد لەسەر بەگژا چوونەوەی ناحەق وناڕەواو وگەیشتنە دڵنیاییەك کەبریتیە لەوەی کە ناتوانرێ دژی ئەم خراپە کارییە بووەستێ و ناتوانێ روبەروی ئەوبارە ببێتەوە لەرێگەی کاری تاکە کەسییەوە ، وپێویستە کاری کۆمەڵایەتی رێکخراو پێك بهێنرێ بۆ دەربازکردنی گەل وگورینی ریالیست . ئا لێرەوە کۆمەڵیکی جیهادی رێکخراو پەیدابوون و، خەریکی پەروردەکردنی گەنجان بوون ، بەپەروەکردنێکی دەرونیی وگیانیی وهوشیی و ئامادەباشی بۆکاری جیهادکردن ، ئەم قۆناغە دوایی هات بەدەرچوونی هەندێ لە زانایان لە ساڵی (١٩٨٤) ی زایینی‌دا بەرەو شاخەکان ، درووست کردنی (بزووتنەوەی پەیوەندیی ئیسلامیی ) بەهۆی ئەوەوە توورەیی سەدامی عەفلەقی پەرەی سەند، چونکە باشی دەزانی ترسی بلاوبوونەوەی ئەم بانگەوازە لەناو موسڵمانان‌دا چ کڵپەیەك دەسێنێ و، دەیزانی کەسانێك کەدەڵێن جگە لەخوای پەروەردگار کەسێکی‌تر ناپەرستین ، ناکرێت ملکەچ بکات بۆ هیچ هێزێك وخۆی مەرەخەسی رۆژگارە سەپێنراوەکان بکات ، ملکەچی نابێت هەرگیز ، لە بەرئەوەی سەدام هەوڵی‌دا دەست بگەرێت بەسەر موسڵمانان‌دا بەتایبەتی کوردە موسڵمانەکانیان ، وشاری هەڵەبجەی شەهید لە پایتەختی ئیسلامیی بچوکی دەکرد ، وزۆربەی دانیشتوانی لە فێرخوازانی زانست بوون .
لە بەرئەوەی یاسای عێراق هەستا بەدانانی پەستان لەسەر ئەم شارە شکۆدارە ودژایەتی کردنی زانایانی ... هەتا ئەوەبوو پێشەوای تێکۆشەر (ماموستا مەلا عوسمان عبد العزیز محمد )فەتوای دا بەکۆچ کردن ، ئیتر خێرخوازانی زانست کۆچیان بەرەو ئێران کرد لەخزمەتی‌دا ، ئەویش ساڵی (١٩٨٧)ی زایینی ، هەتا خەریك بوو شاری خۆگری هەڵەبجە کەسی تێدا نەمێنێ و چۆڵ بکرێ ، وئەم وەلام دانەوەیش سەرکەوتنێکی گەورەبوو بۆ موسڵمانان ، وگۆران کارییەکی مێژوویی بوو لەتێکوشان وگەلی‌کورد، دوای ئەوە مامۆستای تێکۆشەر گەیشتە سەرشاخە دامەزراو ناوچە ئازادەکان ، دامەزرێنەرانی (بزووتنەوەی پەیوەندیی ئیسلامیی ) هاتن وپەیمانیان دایە مامۆستای تێکۆشەر لەسەر جیهادکردن لەپێناو رێبازی خوادا ، وناوەکەی خۆیان گۆری لە (بزووتنەوەی پەیوەندی ئیسلامیی )یەوە بۆ(بزووتنەوەی ئیسلامیی لە کوردستانی/ عێراق )و ئەم خۆرە تیشکی پەخش کردەوە بەسەر شاخەکانی کوردستان‌دا ، وئەشکەوت ودۆڵەکانی روناك کردەوە ، وبەراستی سەرکەوتنێکی ئازا وبەجەرگانە بوو ، وەبەکردەوەو ڕاڤەی ئایەتی ( وما لکم لاتقاتلون فی سبیل الله

والمستظعفين من الرجال والنساء والولدان الذين يقولون ربنا اخرجنا من هذه القرية الظالم اهلها واجعل لنا مــن لدنك وليا واجعل لنا من لدنك نصيرا) يان دەكرد، هەوڵ وتێكوشان وجيهادكردنيان لـه پێناوی ڕێبازی خــوادا ڕاگەياند وگەنجان پۆل پۆل هاتن بەدەم فيداكاريي وبەخشينی گياندا و ڕازاوەترين لاپــەڕەی خۆيــان بــەخوێنيان تۆماركرد وجەنگين و خەباتيان كردو كوژران و بەردەوام خۆگربوون لـەكۆچ كردن و وجيهادكردنياندا، ئەم قۆناغەش چوارساڵی خاياند، تاراپەڕينی پــيرۆزی ســاڵی (١٩٩١) ىزايينــی بــەرپاكرا و وڵاتيــان ئــازاد كــرد لـەسەركەش وملهوڕان وهاتنە ناو شاری هەڵەبجەی شەهيد وفەتحيان كرد ومزگەوت وپەيمانگا شەرعيەكانيان ئــاوەدان و نوێكــردەوە هــەتا پايتەختــە ئيســلاميە بچكۆلـەكــە گەڕايــەوە دۆخــی جــارانی .

( وقل جاء الحق وزهق الباطل ان الباطل زهوقا )

وصلى الله وسلم على قائدنا وحبيبنا محمد واله وصحبه